## کۆبونەوەی سەرتاسەری رێکخراوی ئەلمانیا کۆتایی هات!




به ئامادەبونی زۆربەی هاوریانی ریکخراوی ئەلمانیا، هاوریانیك لەشارەکانی میونشن، کۆلن، بەرلین و دەوروبەری، کارلسرو و دەوروبەری و میوانانیك و هەروەها بەبەرشداری هەیئەتیك کەپیکهاتبوو لە( کامل ئەحمەد – لەهەیئەتی تەنفیزی حزب لە دەرەوەی وولات، نوری بەشیر – لە کۆمیتەی ریکخراوی دەرەوەی حزب )، رۆژی 2005/12/17 لەشاری کارلسرو کۆبونەوەی گشتی ریکخراوی ئەلمانیا بەسترا.



سەرەتای کۆبونەوەکە محمد ئەمین – لێپرسراوی کۆمیتەی ئەلمانیای حزب، بەخێرهاتنی هاوڕێیان و میوانان و هەیئەتی حزبی کردو پاشان دەستور جەلسەکەی ئیشارە پێدا. پاشان هەریەك لە هاوڕێیان کامل احمد و نوری بەشیر، لەسەر جێگاو ڕێگای ڕێکخراوی حزب لەدەرەوەو هەروەها کۆنفراسی یەکەمی ڕێکخراوی دەرەوەو بەشداری هاوڕێیان لەو کۆنفراسەدا و کارەکانی ئایندەی ڕێکخراوی ئەلمانیای حزب و دەوری ڕێکخراوەکانی دەرەوە کە چۆن دەبێت هاوشانی ناوەوە کارەکانی ئەنجام بدات و هاوڕێیانی ئێمە بتوانن ببنە ڕابەرانی خەڵك لە ناو کۆمیۆنیتیەکانیاندا و چی تر وەك پشتی جەبهە سەیری دەرەوە نەکرێت قسەوباسیان کردو پاشان دەرگای گفتۆگۆو پرسیار بۆ هاوڕێیان کرایەوەو هاوڕێیان دەخاڵەتێکی گەرم و گوڕیان لەباسەکاندا کردو پرسیارو سەرنجەکانی خۆیان خستە ڕوو.

هەریەك لەهاوڕێیان ( عیرفان کریم وەك لێپرسراوی شاری کۆلن و ابراهیم جوامیر- لێپرسراوی شاری میونشن و بکر حەمەد – لێپرسراوی شاری کارلسرو و محمد حمە وەك لێپرسراوی شاری بەرلین )، ئیشارەیان دا بە ئامادەییەکان بۆ کاری ئایندەی ناوچەکانیان، وە کارکردن لەچوارچێوەی باس و چالاکیەکان لەچوارچێوەی کۆمەڵگای ئەلمانیادا.

وەپاشان کۆبونەوەکە بەشۆرو شەوقی بەشداری لەکۆنفراسی یەکەمی ڕیکخراوی دەرەوە کەلە 21،22.01.2006 لە ستۆکهۆلم دا دەگیری کۆتایی هات.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق/ ریکخراوی ئەلمانیا

2005-12-18

بۆ پەیوەندگرتن بەریکخراوی ئەلمانیاوە: 0049 - 1733672741